Revolutionaries Union of Kurdistan

Secretary General

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

سکرتێری گشتی

## پرسەنامەی سکرتێری گشتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی نەمر خاتوو مەرزییەی فەریقی

بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە دوێنێ هونەرمەندی گەورەی کورد، خاتوو مەرزییەی فەریقی لە ئاکامی نەخۆشییەکدا لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

خاتوو مەرزییە فەریقی، بە دەنگە بە سۆزەکەی و بە سروود و گۆرانییە هەست بزوێنەکانی کە زۆربەیان ڕەنگدانەوەی ژیان، خەبات و بەرخودانی نەتەوەکەمان و "هاوار" و "ناڵە"ی زۆر لێکراوان بوو، ئارامیی دەدایە دڵی ئەویندارانی ئازادی کوردستان؛ زامەکانی سارێژ دەکردەوە و هێزی پێی خەباتگێڕانی ڕێبازی کوردایەتی بوو.

بۆیە کۆچی ناوەختی ئەم هونەرمەندە خۆشەویستە بۆ هەموو ڕۆڵە بەشەرەفەکانی نەتەوەکەمان، ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی کوردستان، ئەویندارانی موسیقا و هونەری کوردی کۆسپێکی دیارە.

بەم بۆنەوە، بە ناوی هەموو خەباتگێڕانی ڕیزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە، پرسە و سەرەخۆشی پێشکەشی هەموو هۆگرانی هونەر و مۆسیقای کوردی دەکەم و لە گەڵ بنەماڵە و کەسووکاری خاتوو مەرزییە بە تایبەتی هونەرمەند کاک ناسری ڕەزازی و منداڵەکانیان هاودەردی دەردەبڕین.

حسەین یەزدانپەنا
28/خەرمانانی/ 2705
19/سێپتامبر/2005